نێچیرڤان بارزانی و عێراقچی پێشهاتەکانی ناوچەکەیان تاوتوێ کرد



ئەمڕۆ چوارشەممە ،نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان، پێیوەندییەکی تەلەفۆنیی لە عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پێگەیشت،هەردوولا دوا پێشهاتەکانی ناوچەکەیان تاوتوێی کرد.

ئنوسینگەی راگەیاننی سەرکی هەرێم لە راگەیەنراوەکدا باویکردەوە: ئەمڕۆ چوارشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان، پێیوەندییەکی تەلەفۆنیی لە عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پێگەیشت.

لە پێیوەندییەکدا، وەزای باسکردنی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، دوایین پەرەسەندنەکانی ناوچەکە و لەکوتەکانی تاوتوێ کران. لەمبارەیەوە هەردوولا جەختیان لە گرنگیی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری کردەوە.

هەروەها هەردوولا داکۆکییان لەو پاراستنی ئاسایشی سنووریکان کردەوە، بە شێوەیەک کە ڕێگری لە هەر هەوڵێک بکرێت بۆ تێکدانی سەقامگیریی ناوچەکە و ئاڵنگزکردنی زیاتری دۆخەکە.

لای خۆیەوە، نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە: هەرێمی کوردستان نابێتە بەشێك لەو ململانێکان و وەک هەمیشە فاکتەری ئارامی دەبێت، هەروەها پشتگیری لە هەوڵە دیپلۆماسییەکان دەکات بۆ

هەورکردنەوەی گرژییەکان و دوورخستنەوەی مەترسییەکانی شەڵ گەلانی ناوچەکە.